# چیرۆکی مردنی لویسی حەڤدەهەم

و: هەورامان وریا

"لویسی حەڤدەهەم" کوڕی دووەمی "لویسی شازدەهەم"و "ماری ئەنتوانێت"ە. ساڵی 1785 لە ڤێرسای لەدایك بووە، لە ساڵی 1795 وەك زیندانییەك لە پاریس‌و لە تەمەنی 10 ساڵیدا کۆچی دوای کردووە. نازناوی دۆق "دی نۆرماندی" بووە. دوای مردنی برا گەورەکەی لە 4 حوزەیرانی 1789، واتە چل ڕۆژ پێش بەرپابونی شۆڕشی فەرەنسی‌و گرتنی بەندیخانەی باستیل لە 14 تەموزی 1789، بووەتە وەلی عەهد.

سەرنەکەوتنی "لویسی شازدەهەم"و ئەندامانی خێزانەکەی لە ڕاکردنەکەی شەوی 21/20 حوزەیرانی ساڵی 1791 و دەستگیرکردنیان لە ناوچەی ڤارین‌و هێنانەوەیان بۆ پاریس، بووە هۆی توڕەبونی سەرکردەکانی شۆڕش‌و لەدەستدانی ئەو برە خۆشەویستی‌و ڕێزە کەمەی کە لای میللەت مابوویان.

لە 10 ئابی ساڵی 1792 چەند خۆپیشاندانێکی گەورە لەدژی پاشا بەرپاکرا، لە ئەنجامدا پاشا‌و خاوخێزانی- بە وەلی عەهدی بچوکیشەوە- خرانە زیندانی (پەرستگا- Temple). دواتر لە 21 کانونی دووەمی ساڵی 1793 "لویسی شازدەهەم" لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە کە یانەی یەعقوبیەکان‌و "ڕۆبسپێر" سەرکردایەتیان دەکرد، لەسێدارە دەدرێ، پاش تێپەڕبونی 9 مانگ بەسەر لە سێدارەدانی "لویسی شازدەهەم" لە گۆڕەپانی کۆنکۆرد، لە 17 تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، "ماری ئەنتوانێت"ی هاوسەریشی کە تەمەنی 38 ساڵ بووە، لەسێدارە دەدرێ. ئیدی وەلی عەهد بە تەنها لە زیندانەکەدا دەمێنێتەوە‌و کەسێکی پینەچیی بەناوی "سیمۆن-Simon"ەوە کە دوکانێکی پینەچیی پێڵاوی لە ناو زیندانەکەدا هەبووە، پاسەوانی منداڵەکە دەکات.

"لویسی حەڤدەهەم" لە زیندانەکەدا توشی نەخۆشی (سیلی ئێسقان) دەبێت، لەو زەمانەدا ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەکی زۆر بڵاوببوەوە، تەنها چارەسەریش بۆ ئەو نەخۆشییە بریتی بووە لە پاکوخاوێنی‌و خواردنی باش‌و ئیسراحەتکردن‌و ئاوهەوای خاوێن‌و دورکەوتنەوە لە شارو لە قەڵەباڵغی. ئەو شتانەش بە هیچ جۆرێ لە زیندانەکەدا بۆ "لویسی حەڤدەهەم"ی منداڵ دابین نەکراوە. بۆیە ئەم منداڵە بچوکە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1795 کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژی پاشتر بە نهێنی‌و بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ دەخرێتە ژێر خاکەوە. لێرەوە کۆمەڵێ دەنگ‌وباسی ناڕاست بڵاودەکرێنەوە، هەر هەمویان جەخت لەوە دەکەن منداڵەکە نەمردووە، بەڵکو پینەچییە پاسەوانەکە ئەم منداڵەی بە منداڵێکی دیکە گۆڕیوەتەوە، بەم شێوەیە "لویسی حەڤدەهەم" لە زیندان ڕزگاری بووە. ئەمەش ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد خەڵکانێك خۆیان بکەن بە پاشا بچکۆلەکەو خۆیان بە "لویسی حەڤدەهەم"لە قەڵەم بدەن، لەو خەڵکانە "هێرڤاگۆڵت-Hervagault"، "بڕونیۆ-Bruneau"،"ڕیچمۆنت-

Richemont"،بە تایبەتیش بازرگانی بەناوبانگی موجەوهەرات"کارل ولیەم نۆندۆرف Carl Wilhelm-Naundorff". ئەم بازرگانە خەڵکی تاڕادەیەکی زۆر باوەڕیان پێکردبوو کە پاشا"لویسی حەڤدەهەم"ە، بە تایبەتی دوای مردنی.

ئەم پڕوپاگەندەو بەسەرهاتانە لەلایەن زۆرێك لە مێژونوسان‌ولایەنگرانی خێزانی پاشایەتییەوە، بە هەند وەرگیراون‌و قسەوباسیان لەسەرکراوەو بە ڕاست لە قەڵەم دراوە، وەلیٚ حەقیقەتی ئەم ڕوداوە تەنها لە پایزی ساڵی 200و لەسەردەمی سەرۆك كۆماری فەرەسا "جاك شیراك" دەردەكەوێت، ئەمەش دوای پەنابردنە بەر پشكنینی پزیشكی لەسەر جیناتی مرۆ‌ڤ دەرهێنانی ترشی ناوكی(الحامچ النووی–A.D.N).

ئاشكراكردنی نهێنی مردنەكە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 19 نیسانی ساڵی 2000، شازادە "لویس دی بۆربۆن" كە لە ئێستادا میراتگری پاشاكانی فەرەنسایە، كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنوسی بچوكی لە پاریس سازدا، لەو كۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەدا دەڵیٚ: (ئەمڕۆ چوارشەممە 19 نیسانی ساڵی 2000، پەردە لەسەر نهێنییەك لادەبریٚ كە تەمەنی 200ساڵە. شیكردنەوەی جینات‌و پشكنینە تاقیگەییە تایبەتەكان كە لەسەر ترشی ناوكی ئەنجامدراون، بەشێوەیەكی زانستی كە هیچ مشتومڕێك هەڵناگریٚ‌و شوێنی گومان نییە، دەیسەلمێنن ئەو منداڵەی لە زیندانی "پەرستگا"و لە حوزەیرانی ساڵی 1795و لە كاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ مردووە، "لویسی حەڤدەهەم"بووە كە تاقە میراتگری شەرعی تەختی پاشایەتی فەرەنسابووە. بازرگانی موجەوهەرات "كارل ویلیەم نۆندۆرف " كە لەسەر كێلی گۆڕەكەی نوسراوە: ئالێرەدا لویسی حەڤدەهەم پاشای فەرەنسا ڕاكشاوە. هیچ نییە تەنها یەكێك نەبیٚ لەو سەدان كەسەی كە بەدرۆو دەلەسەو چەواشەكردنی مێژوو، خۆیان كردووە بە "لویسی حەڤدەهەم".

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەكی زانستی گۆڕی " نۆندۆرف "یان لە نەمسا هەڵدایەوەو ئێسكێكیان لە بازوی ڕاستی كردەوەو، خستیانە ژێر پشكنینی تاقیگەیی تایبەت بە توێژینەوەی جینات‌و ترشی ناوكی لە تاقیگەی (جان–جاك كاسمێن) لە بەلجیكا، تاقیگەی (بێرند برێكمێن)لە ئەڵمانیا، تاقیگەكانی زانكۆی (نانت) لە فەرەنسا، دوای پشكنین‌و توێژینەوەو بەراوردكردنی جیناتی " نۆندۆرف " لەگەڵ جیناتی قژی "ماری ئەنتوانێت"كە لە گۆڕستانی (سانت دینی) كە گۆڕسشتانێكی تایبەتە بە پاشاكانی فەرەنسا دەریانهێنا‌و جیناتی قژی هەردوو خوشكەكەی "ماری ئەنتوانێت" كە ناویان"ماریا جۆزافانا"و"جۆهانا گابریال"كە هەردوكیان لە یەكێك لە دێرە كاسۆلیكیەكانی نەمسا نێژدرابوون. دەركەوت ئەو پڕوپاگەندانەی " نۆندۆرف " ڕاست نین‌و چەواشەكارییە).

حەقیقەتی دڵی لویسی حەڤدەهەم

ئێستا ماوەتەوە ئەوەی بزانین چۆن چۆنی‌و بە چ شێوەیەك لەوە دڵنیایین "لویسی حەڤدەهەم" ئەو منداڵەیە كە لە زیندانەكەداو لە 8 حوزەیرانی ساڵی 1795و، لە كاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ كۆچی دوایی كردووەو، لە ترسی هەڵچون‌و توڕەبونی شەقامی پاریس‌و لایەنگرانی بنەماڵەی پاشایەتی ئەو سەردەمە، بە نهێنی نێژراوە. ڕاستی ڕوداوەكە بەم جۆرەیە:

لە 9 حوزەیرانی ساڵی 1795، واتە ڕۆژێك دوای مردنی منداڵە زیندانییەكە، دەسەڵاتی ئەوكات داوایكردووە توێكاری(تشریح) بۆ لاشەكە بكریٚ، تاكو هۆكاری مردنەكەی بزانریٚ، لە ڕاپۆرتە پزیشكیەكەدا هاتووە: دوای توێكاریكردنی لاشەكە، دەركەوت مردنەكە بەهۆی نەخۆشی (سیلی ئێسكەكانەوە) بووە، ڕاپۆرتەكە جەختی لەوەش كردۆتەوە لاشەی مردووەكە لاشەی منداڵێكی تەمەن 10 ساڵانە، بەڵام لە ڕاپۆرتەكەدا ناوی مردووەكە نەهاتووە كە لە گۆڕستانێكی بە كۆمەڵ كە پیدەوتریٚ گۆڕستانی (سانت مارگرێت) لە پاریس نێژدراوە. ئیدی بەم شێوەیە مەسەلەكە بەشێوەیەكی ڕەسمی لە 9 حوزەیرانی ساڵی 1795 كۆتایی پێهاتووە.

بەڵام لە فەرەنسا ڕوداوەکان بەدوای یەکدا دێن و گڕوتینی شۆڕش تاڕادەیەک دادەمرکێتەوەو کۆماری یەکەم دادەمەزرێ، پاشان ئیمپراتۆریەتی یەکەم دەسەلات دەگرێتە دەست، دواتر لە ساڵی 1815 بنەماڵەی بۆربۆن بەسەرۆکایەتی "لویسی هەژدەهەم" دەگەڕێنەوە سەر تەختی پاشایەتی. ساڵی 1846 و لەسەردەمی پاشای بۆربۆنی "لویس ڤێلیپ" کە پاشای هەموو فەرەنسییەکان بووە، فەرمانێکی شاهانە دەردەکا و تێیدا داوادەکات ڕاستی و نهێنی مردنی "لویسی حەڤدەهەم" کە لە ساڵی 1795 مردووە، واتە دوای تێپەڕبونی 51 ساڵ بەسەر مردنەکەیدا، بخەنەڕوو.

جارێکیتر لێکۆڵینەوە دەستپێدەکاتەوە، ئاسایشی گشتی داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی پزیشکی و دادوەری دەکات، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پشکنین و توێژینەوە ئەنجام بدەن و ئەوەی پێویستە جێبەجێبکرێ. گۆڕستانی (سانت مارگرێت) دەکرێتەوەو گۆڕی ناوبراو هەڵدەدرێتەوە، لە پشکنینی ئێسکەکاندا دەردەکەوێت مردنەکە بەهۆی نەخۆشی (سیلی ئێسکەکانەوە)بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ لیژنە پزیشکیەکە دەردەکەوێ، ئەو لاشەیەی پشکنینیان بۆ کردووە لاشەی منداڵێك نییە تەمەنی 10 ساڵ بێت وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی پزیشکی ساڵی 1795دا ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو لاشەی کەسێکە تەمەنی لەنێوان 18–20 ساڵە. ئەمەش جیاوازیەکی گەورەیە لە تەمەندا. لێرەوە سەرلەنوێ گومان لە دڵ‌وەرونی خێزانی پاشایەتی سەرهەڵدەداتەوە، ئیدی یا ئەوەتا ئەو منداڵەی لە زیندانەکەدا مردووە "لویسی حەڤدەهەم"نەبووە، یا ئەوەتا ئەو لاشەیەی یەکەمجار لە گۆڕستانەکە پشکنینی بۆ کراوە لاشەی "لویسی حەڤدەهەم"نییە، لێرەوە پرسیارەکە بەبێ وەڵام دەمێنێتەوەو گومان و نائومێدی باڵ بەسەر عەرشی فەرەنسادا دەکێشێ.

دەفرێکی کریستاڵی و دڵی لویسی حەڤدەهەم

ڕاستی مەسەلەکە ئاوایە: ئەو لیژنە پزیشکییە ڕەسمییەی لە 9 حوزەیرانی ساڵی 1795 دەستنیشانکرابوون بۆ توێکاری لاشەی منداڵەکە، تاکو هۆکاری مردنەکەی بزانن، لە چوار پزیشك پێکهاتبوو. یەکێك لەو پزیشکانە ناوی دکتۆر"ڤێلیپ–جان پێلێتان"ە، دوای کۆتایی پرۆسەی توێکارییەکەو لە کاتێکدا پزیشکەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانیان و خەریکی نوسینی ڕاپۆرتەکەن، دەرفەتێك بۆ "ڤێلیپ"ی پزیشك هەڵدەکەوێت دڵەکە لە سنگی لاشەکە بکاتەوەو لە دەسەسڕێکیەوە بپێچێت و بێ ئەوەی سێ پزیشکەکەی دیکە پێی بزانن، دەیخاتە گیرفانییەوە. پاشان هەموان ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ڕاپۆرتەکە دەردەبڕن و فەرمان دەدەن لاشەکە کە توێکاری بۆ ئەنجامدراوە بنێژرێتەوە.

"ڤێلیپ"ی پزیشك کاتێ دەگاتەوە ماڵەوە،دڵی منداڵەکە لە گیرفانیدایە. دڵەکە دەخاتە ناو دەفرێکی کریستاڵی کە پڕە لە (ڕۆحی مەی–روح النبیذ) و لە شوێنێکی ئەمین دایدەنێ و بە شێوەیەکی نهێنی هەڵیدەگرێ، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەبادا کەسێك پێی بزانێ و ئاشکرابێت و سزایەکی قورسی بدەن، بەتایبەتی "ڤێلیپ" گومانی ئەوەی لێدەکرا لایەنگری خێزانی پاشایەتییەو هاوسۆزە لەگەڵیاندا.

ڕۆژەکان هاتن و ساڵەکان تێپەڕین و (گیرۆندییەکان) شکستیان هێنا و "ڕۆبسپێر"ی سەرکردەیان لە سێدارەدرا. "ناپلیۆن بۆناپارت" حوکمی وڵاتی گرتەدەست و لە ساڵی 1815 ئەویش لەسەر حوکم لابراو دووخرایەوە بۆ دورگەی (سانت هێلین)، ئیدی لە نێوان ساڵانی 1815–1824 بنەماڵەی پاشایەتی بە نوێنەرایەتی پاشا "لویسی هەژدەهەم" دەسەلاتی وڵاتی گرتەوەدەست، لە نێوان ساڵانی 1824–1830 "شارلی دەیەم" بووە حوکمڕانی وڵات.

هەموو ئەم ساڵ و ڕوداو گۆڕانکارییە گەورانە تێپەڕین، کەچی دکتۆر " ڤێلیپ " هێشتا دەفرە کریستاڵییەکەی لای خۆی هێشتبووەوە کە دڵی پاشای بچکۆلەی تێدابوو. دکتۆر هەوڵیدائەم (دواهەمین ئەمانەتە) بگەیەنێتە دەست

بنەماڵەی بۆربۆنییەکان، لە ساڵی 1828، واتە دوای 33ساڵ لە توێکاری لاشەی منداڵ/پاشاکە، " ڤێلیپ " دەتوانێ دەفرەکە بداتە سەرۆکی ئەساقیفەی پاریس کە ناوی مەتران "دی کالان–De Queien"بوو، ئەم مەترانە بەوە ناسرابوو کە لایەنگرێکی دڵسۆزی بنەماڵەی پاشایەتییە، بەڵێن بە پزیشکەکە دەدات دەفرەکە لەیەکەم دەرفەتدا بداتە دەست "شارلی دەیەم"، ئیدی ئەم مەترانە چاوەڕوانی ئەوە دەکات دەرفەتێك بقۆزێتەوە تاکو دەفرەکە بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، تا دۆزینەوەی ئەو دەرفەتە، دەفرەکە لە بنکەی مەترانییەتی پاریس دادەنێ.

دوای کەمتر لە ساڵێك، دکتۆر " ڤێلیپ " کۆچی دوای دەکات، بەڵام پێش ئەوەی بۆ دواجار ماڵئاوایی بکات و لە سەرەمەرگدا، نهێنی دڵەکە بە "گابریل پیلاتان–Gabriel Pelletan"ی کوڕی دەڵێ و پێی ڕادەگەیەنێ دڵی "لویسی حەڤدەهەم" لەناو دەفرێکی کریستاڵیدایەو بە ئەمانەت لەلای مەترانی پاریسە. ڕۆژی ناشتنی تەرمی دکتۆر " ڤێلیپ "، سەرۆکی ئەساقیفەکان بە "گابریل" دەڵێ: (قسەکانی باوکت ڕاستەو دەفرەکە لە مەترانییەتی پاریسەو"شارلی دەیەم"یش ئاگاداری مەسەلەکەیە).

بەڵام باکان بە ئارەزوی کەشتیەکان هەڵناکەن. لە ڕۆژانی 27، 28، 29 تەموزی ساڵی 1830 کە پێیدەوترێ (سێ ڕۆژە نەمرەکە)، سەرلەنوێ گەردەلولی شۆڕش هەڵدەکاتەوەوشۆڕشی دووەمی فەرەنسی دەستپێدەکات، خەڵکی شۆڕشگێڕو توڕە هەڵدەکوتنە سەر کۆشك و باڵەخانەو کڵێساکان و ئاگر لە هەموو شوێنێك بەردەدەن، دەستدەکەن بە کوشتن و دزی و تاڵانکردن. سەرۆکی ئەساقیفەکانی پاریس مەتران "دی کالان" پێش ئەوەی ڕابکات و خۆی بشارێتەوە، دەفرە کریستاڵییەکە دەدات بە یەکێك لە کرێکارەکانی چاپخانەی مەترانییەکەو فەرمانی پێدەدات بیگەیەنێتە دەست "گابریل"ی کوڕی دکتۆر " ڤێلیپ ". کاتێ کرێکاری چاپخانەکە دەفرەکە هەڵدەگرێ و دەیەوێ لەو هەراوزەنایە دووورکەوێتەوە، خۆی دەکێشێ بە یەکێك لە شۆڕشگێڕەکاندا و دەفرەکەی لەسەر پلیکانەکانی مەترانیەکە لێ بەردەبێتەوە، دەفرەکە لە کریستاڵێکی ناسك، ئەوانەی بەخێرایی دەشکێ، دروستکرابوو، بۆیە دەفرەکە دەشکێ و دڵەکە لەناو ڕۆحی مەیەکەدا دەکەوێتە سەر ئەرزەکە. کرێکارەکە بە شپرزەیی و واقوڕمان و بەدەستی بەتاڵەوە ڕادەکات و کارەساتەکە بە "گابریل" ڕادەگەیەنێ.

دوای هێوربونەوەی شەپۆلی تاڵان و دزی و جەردەیی و ئاژاوەگێڕی و دەستلەکارکێشانەوەی "شارلی دەیەم"، هێمنی بۆ شاری پاریس دەگەڕێتەوە. "گابریل" لەگەڵ کرێکاری چاپخانەکە ڕۆژی 15 ئابی 1830 دەڕۆن بۆ مەترانیەکە، واتە دوای حەوت ڕۆژ لە شکاندنی دەفرەکە، ئەوەی شوێنی سەرسوڕمانە ئەوەیە "گابریل" دڵەکە دەدۆزێتەوە کە پیس بووەو تلاوە لە قوڕو لیتەیەکی زۆرەوە، لە دەسەسڕێکیەوە دەپێچێ و هەڵیدەگرێتەوەو دەیخاتە گیرفانی و بە ڕاکردن بەرەوماڵەوە دەگەڕێتەوە، دروست وەك ئەوەی " ڤێلیپ "ی باوکی ساڵی 1795 کردبووی، "گابریل" لە ماڵەوە دڵەکە دەخاتە ناو دەفرێکی تازەی پڕ لە ڕۆحی مەی تازەوە.

ئیدی ئەم دەفرە تازەیە بە شێوەیەکی نهێنی، لە پاشایەکەوە بۆ نەوەکەی و لەویشەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، دەستاو دەست دەکات، تاکو لە ساڵی 1895 دەکەوێتە دەست میراتگری تەختی پاشایەتی لە فەرەنسا "دۆن کارلۆس دی بۆربۆن" کە شازادەی مەدرید بووە. شازادە ئەم "ئەمانەتە گرانبەهایە" لەلای خۆی هەڵدەگرێ، بەم شێوەیە دڵی "لویسی حەڤدەهەم" دەبێتە بەشێك لە میراتی پاشایەتی و لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە.

دواهەمین کەس کە دەفرە تازەکە وەردەگرێت دۆق (دی بۆفریمۆن–Duc de Bauffremont)بوو، ئەم دۆقە لە ساڵی 1975 و لەسەردەمی سەرۆك کۆماری فەرەنسای ئەوکات "ڤالێری جیسکارد دیستان"، سەرپەرپشتیاری گۆڕستانی (سان دینی) بووە لە پاریس، ئیدی لەسەر دەستی دۆق "دی بۆ فریمۆن" ئەم (ئەمانەتە) بۆ هەتاهەتایە دەخرێتە گۆڕستانی پاشاکان، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی نا، بۆیە لە 19 نیسانی ساڵی

2000، عەمیدی بنەماڵەی پاشایەتی (لوی دی بۆربۆن–Louis de Bourbon) داوایکرد بەشێوەیەکی ڕەسمی دڵی "لویسی حەڤدەهەم" بەخاك بسپێردرێت.

دوای پێشکەوتنی زانستی جینات و دۆزینەوەی گەورە لە بورای بایەلۆجیداو، دانانی ئەساسی زانستی بۆ (نەخشەی جینات)، دەسەڵاتی فەرەنسی بە ڕەزامەندی سەرۆك کۆمار "جاك شیراك"، ڕێگەیاندا بە میراتگری پاشاکانی فەرەنسا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەقەنیاتی تازەوە بگەنە دۆزینەوەی نهێنی (دڵی پاشا)، لە 15 کانونی یەکەمی ساڵی 1999 لیژنەیەك کە پێکهاتبوو لە چەند پزیشکێکی جەڕاح و چەند کەسێکی بایەلۆجیناس، چونە گۆڕستانی پاشاکان لە (سان دینی) و سمپڵێکیان لە دڵی پاشا وەرگرت، دوای تۆێکاری و لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەنوسن: (...ئەم سمپڵە کە پشکنینی بۆ کراوە، بەشێکە لە دڵێکی قەبارە بچوك، دڵی مرۆڤێك کە تەمەنی لەنێوان 5–12ساڵە، شانەکانی تەواوێك وشکبون، چوبونەوەیەك و وەك تەختەیان لێهاتبو، بۆیە بۆ لێکردنەوەی پارچەکان پەنامان بردە بەر مشار، دوو پارچەمان لێکردەوە، پارچەیەکیان لە بەشی سەرەوەی دڵەکەو ئەویتریان لە بەشی خوارەوەی، پاشان ئەم پارچانەمان لە کیسی پاگژکراوە(اکیاس معقمە)داناو ناردمانن بۆ تاقیگاکانی (کاسمێن– Cassiman)لە بەلجیکا و تاقیگاکانی (برێکمێن–Brinkman)لە ئەڵمانیا، هەر تاقیگەیەکیش بە جیا لەوەی دیکە پشکنینەکانی خۆی ئەنجامدا، دوای دەرهێنانی (ترشە ناوکەکەی) و بەراوردکردنی لەگەڵ ترشە ناوکی قژی "ماری ئەنتوانێت" و خوشکەکانی "ماریا–جۆزفانا و جۆهانا گابریال"، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ ترشە ناوکی ئەو کەسە زیندوانەی کە خزمی "ماری ئەنتوانێت"ن و، ئێستا لە ژیاندان، وەك خانمی شازادە "ئانی دی ڕۆمانیا–Anne de Roumanie" و براکەی شازادە "ئەندرێ دی بۆربۆن پارم–Andre de Bourbon Parme"،بە شێوەیەکی زانستی کە هیچ گومانێکی لێ ناکرێ، دەرکەوت دڵی ناو دەفرەکە، دڵی "لویسی حەڤدەهەم"ی منداڵە، بەپێی ئەم ڕاستییە، ڕاپۆرتەکە پوختەیەکی کۆتایی خۆی بەم شێوەیە ڕوندەکاتەوە:

(لە 8 حوزەیرانی ساڵی 1795، کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ، منداڵێکی حەپسکراو لە زیندانی (پەرستگا)لە پاریس، بۆ هەتاهەتایە گیانی لەدەست دا، دڵسۆزانی تەختی پاشایەتی وایدادەنێن ئەم مردووە، خاوەن شکۆ "لویسی حەڤدەهەم"ی پاشای فەرەنسایە، ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن "ڤیلیپ دیلۆرم"ەوە واژۆکرا).

"ڤیلیپ دیلۆرم"مێژونوسێکی هاوچەرخەو ئێستا لە پاریس دەژی، یەکێکە لەو سەرچاوە زانستی و باوەڕپێکراوانەی بنەماڵەی پاشایەتی فەرەنسا، ئەو جوڵێنەری بنەڕەتی بوو بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی نهێنی مردنی "لویسی حەڤدەهەم"، ئەم مێژونوسە ئەدۆزینەوەی یەکەمجاری تەرمی پاشا لە گۆڕستانی (سانت مارگرێت) بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "سیمۆن"ی پینەچیی، دوای ئەوەی پزیشکەکانی یەکەمجار توێکاری بۆ تەرمەکە دەکەن و دواتر فەرمانی ناشتنی دەردەکەن، تەرمەکەی لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نەناشتووە، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەی هەمان گۆڕستاندا ناشتویەتی.

بەم شێوەیە پەردە لەسەر نهێنی مردنی "لویسی حەڤدەهەم" دادەدرێتەوە، دەسەڵاتدارانی ڕەسمی و (کۆشکی پاشایەتی فەرەنسا) و ئەندامانی خێزانی پاشایەتی فەرەنسا و ئەوروپا و جیهان، ڕۆژی سێ شەممە بەرواری 8 حوزەیرانی ساڵی 2004، مەراسیمێکی ناشتنیان لە گۆڕستانی پاشایەتی فەرەنسا لە کاتدرائی (سانت دینی) لەپاریس، بۆ سازکرد.